# پێشەکی:

ئەم بەرهەمەی کە لەدوو توێی ئەم کتێبەدایە، بریتین لەچەند وتارێکی زمان و ڕێزمانی کوردی لە ئاستی ئەکادیمیدا و لەگۆڤارە کوردییە جیاجیاکاندا بڵاوکراوەتەوە. بەچاکم زانی لەکتێبێکدا پێکەوە بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر لەبەردەستدا بێت و سوود بگەیەنێت بەلێکۆڵینەوەی ترو لەخزمەتی زمانی کوردیدا بێت.

کتێبەکە کە بەناونیشانی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)یە، کراوەتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان (زمان)ە، باسی گەشەو گۆڕان و پەرەسەندنی زمانی کوردی و مێژووەکەی دەکات و ئەو لایەنانەی نیشانداوە، کە بوونەتە هۆی ئەو گۆڕانەو، نموونەی پێویست و لە باری ئەو بارە جیاجیانەم هێناوەتەوە، کە لە زمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

گەشەو گۆڕانەکەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کوردی، خاوەن سەربەخۆیی و کەسایەتی خۆیەتی، توانیوێتی بەپێی ئەو بوارو بارودۆخەی کەپێیدا تێپەڕیوە، پێویستییەکانی سەردەم، وەکو زمان حاڵی نەتەوەی کورد، لە گەیاندنی زانست و زانیاری و داهات و داهێنانی تازەو نوێ بەکۆمەڵی کوردەواری بگەیەنێت و کەسایەتی و ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت.

بەشی دووەمی چەند وتارێکی ڕێزمانی کوردییە، کە لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازی ڕستەسازی ئەو بابەتانە دەگرێتەوە، کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەرکراوە.



وتارەکانی هەردوو بەشەکە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٠ دەگرێتەوە، نەمویست دەسکارییان بکەم لەڕووی ئەو بیروبۆچوونەی کە لەئەنجامدانیان و لەو ماوەیەدا خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی وەکو خۆی بخرێنە بەردەست و بێجگە لەوەی، کە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی من لەو ماوەیەدا دەخاتەڕوو.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمە کەلێنێک لە بۆشایی دیواری زمانی کوردی پڕبکاتەوەو، لە هەمان کاتیشدا، بەردێک لە باڵای بەرەو بەرزیی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی زیاتر بکات و، بەڵێن ئەدەم بەکوردی دڵسۆز بەپێی توانا لە نووسین و بڵاوکردنەوە دوا نەکەوم.

دواشت حەز ئەکەم ئەوە بڵێم، بابەتی نووسینەکانی من، تاکو ئێستا، هەر بواری پسپۆری خۆمی کە زمانەوانییە نەگرتۆتەوە، بەڵکو لایەنی جۆراوجۆری وەکو لێکۆڵینەوەو وتاری ئەدەبی، مێژوویی، سیاسی گرتۆتەوە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئارەزوویەکی یەکجار زۆرم لەو جۆرە بابەتانە هەیەو لەگەڵ ناخمدا تێکەڵ بوونە، بێجگە لەوەش ئێمە خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد، ئەگەر شتێکمان لەباربێت و توانای ئەنجامدانیمان هەبێت و نەیکەین، ئەوا غەدر لەو میللەتی کوردەوارییە ئەکەین، کە ئێمە لە باوەشی گەرمی دایکانەی خۆی پەروەردە کردووەو پاراستووە، لەلایەکی تریشەوە، کەم تەرخەم ئەبین بەرامبەر نەتەوەو وڵاتەکەمان، چونکە ڕۆشنبیران و نووسەران، باری لێپرسینەوەیان و، ئەرکی سەرشانیان لەڕادە بەدەرگرانە، بەوەی نەتەوەی کورد تاکو ئێستا ماڵوێران و سەرگەردان و لەیەکتر دابڕاوە، ئەمجا بۆ ئەوەی برینی ئەم نەخۆشییانە سارێژ بکرێت، دەبێت ئێمەو مانان شاعیر وتەنی – گەر شەویش لەسەر ڕۆژ دابنێین بۆ میللەتی کورد هێشتا هەر کەمە–و گلەیی دواڕۆژیش بەرامبەرمان بەدرێغی کردن لەولاوە بوەستێت.

ئەمجا هەوڵەکانی من، لەنووسیندا دوور لە زیادەڕۆیی و خۆهەڵکێشان، لەو بابەتانەی کە خستمەڕوو بەشێوەی وتاری بڵاوکراوەن نزیکەی سێ کتێب پێکدێنێت، ئەوە بێجگە لە وتاری بڵاونەکراوە لەو مەیدانانەداو، بەرهەمی شیعرو پەخشانیش لەولاوە راوەستێت، کە گڕوتین و تاو ئەدەن بەنووسینەکانم و فەرامۆشی دەردی دووری هەوارگەی وێرانی ماڵەباوانم ئەدەن و چیای خاڵخاڵان و کەلی سمایل بەگیم دەخەنە یادو بەرچاوو خوڕەی ئاوی شیوەسوریش لایە لایەی کوردانەی دایکم پێ دەبەخشێت.

خوایاربێت، کاری ئایندەم، لەسەر رێزمانی راناو لە زمانی کوردیدا دەبێت و، لە کۆتاییدا سوپاس و رێزی بێ پایانم بۆ ئەو دڵسۆزانەی کە بەرهەمی چاک و بەکەڵکی نووسەران چاپ و بڵاو دەکەنەوە چ وەکو تاکەکەس و چ وەکو دەزگای لەچاپدان و بڵاوکردنەوە.

**د. ڕەفیق شوانی**

**هەولێر– ٢٨/١٢/٢٠٠٠**